# قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو خەڵکی شانازی دەکەن (بە دروستکردنی) مزگەوتەکانەوە

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو خەڵکی شانازی دەکەن (بە دروستکردنی) مزگەوتەکانەوە».
[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: شانازی دەکەن بە دروستکردنی مزگەوتەکانەوە مەبەست ئەوەیە خەڵکی شانازی دەکات بەوەی مزگەوتەکان دروستدەکەن ودەیڕازێننەوە وبەرزی دەکەنەوە ودەیکەنە چەند نهۆمێک ونەخش ونیگاری جۆراوجۆری لەسەر دروستدەکەن، کەسێک بە کەسێکی تر دەڵێت: ئەو مزگەوتەی من دروستکردووە باشترە لەو مزگەوتەی تۆ دروستت کردووە. ولەوەیە شانازی کردن بە کردەوە بێت نەک بە قسە، وەکو ئەوەی زیادەڕەوەی بکات لە ڕازاندنەوەی ئەو مزگەوتەی دروستی کردووە، وجگە لەمانە؛ بۆئەوەی جوانتر بێت لەو مزگەوتەی کەسێکی تر دروستی کردووە، واجب ئەوەیە واز لەم کێبڕکێیە وڕازاندنەوەی مزگەوتەکان بهێنن، چونکە مزگەوتەکان بۆ ئەم مەبەستە دروست ناکرێن بەڵکو بۆ ئەوە دروستدەکرێن بۆئەوەی ئاوەدان بێتە بە یادی خوای گەورە ونوێژکردن ویەرستنی پەروەردگار وفێربوونی قورئان وزانستی شەرعی وئەو مەبەستانەی پەیوەندی بە قیامەتەوە هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ فَعَسَىٰٓ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ} [التوبة: 18] واتە:{بەڕاستی مزگەوتەکانی خودا ئاوەدان دەکاتەوە کەسێک کە بڕوای هێنابێت بەخوا و بەڕۆژی دوایی و نوێژەکانی بەجێ هێنابێت و زەکاتی دابێت و لە کەس نەترسا بێت بێجگە لە خوا جا بەڵکو ئەوانە لەو کەسانە بن کە ڕێنموونی کراون}. وئیمامی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- فەرمانیکردووە بە دروستکردنی مزگەوتەکان ووتی: (خەڵکی بپارێزە لە باران، وریابە ڕەنگی سوور وزەردی پێوە نەکەیت چونکە خەڵکی تووشی فیتنە ولادان دەکەیت): واتا مزگەوتێکیان بۆ دروست بکە کە لە باران وگەرمی تیشکی خۆر بیانپارێزێت کاتێک لە نێو مزگەوتدان، ومەیڕازێنەوە بە بۆیە وشتی ڕەنگاوڕەنگ چونکە خەڵکی تووشی لادان وگومڕایی دەبن وخشوعیان کەم دەبێتەوە لە کاتی نوێژدا بیریان لە لای نوێژەکە نامێنێت، وئەنەس دەڵێت: (شانازی بە دروستکردنی مزگەوت دەکەن، پاشان ئاوەدانی ناکەنەوە -بە نوێژکردن تێیدا وئامادە بوون لە مزگەوت- مەگەر خەڵکانێکی کەم نەبێت)، وئیبن عەباس دەڵێت: (مزگەوتەکان دەڕازێننەوە هەروەکو چۆن جولەکە وگاوڕەکان -شوێنی پەرستنیان- ڕازاندەوە)، وئەم دیاردەیە لە نیشانەکانی نزیکبوونەوەی قیامەتە، کاتێک ئەمە ڕوودەدات کە خەڵکی حاڵیان دەگۆڕێت ودینداری وئیمانیان بۆ خوای گەورە نییە بە دڵسۆزی، وکردەوەکانیان لاواز دەبێت، بەڵکو بۆ ڕیا وخۆدەرخستن وشانازی کردنە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10897

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee